# ڕەوشی خۆسوتاندنی ئافرەت

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێرو دهۆک وەک نموونە

ئاری رفیق شفیق

Ari.shafiq@su.edu.krd

بەشی کۆمەڵناسی – کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین

ی.بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان-وەزارەتی ناوخۆ.

ڕێکەوتنی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٠٤/١٥

**پوختە :**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و خستنەڕووی دیوە شاراوەو کەم هەستپێکراوەکانی یەکێک لە ڕووداوە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش ڕووداوەکانی (خۆسوتاندنی ئافرەتان)ن لەهەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا ژمارەی قوربانیانی ئەم شێوازە، ساڵانە لە کۆی شێوازەکانی تری (**خۆکوشتن**)ی وەک (**خۆخنکاندن بە پەت، خۆکوشتن بە حەب، خۆبەردانەوە شوێنی بەرز، خۆکوشتن لەڕێگەی چەک، بڕینی شادەماری خوێن**)، زیاترە. پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی ئەو پاڵنەرو هۆکارو کاریگەرییانەی کە ئەوان دەگەیەنێتە قوناغێک، تا بەدەستی خۆیان ئاگر لەجەستەی خۆیان بەربدەن، بۆیە یەکێک لەئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتنە بە ئەنجامی ئەو پرسیارەی کە ئامانج لە خۆسوتاندن و پەنابردن بۆ ئاگر چییە؟ لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوت ئافرەت لەسەر هەردوو پارێزگای (**هەولێرو دهۆک**) ئەنجامدراوە، پێنج لە قوربانیان خۆیان خۆیان سوتاندووە، دوو لە قوربانیانیش گەرچی شێوازەکانی سوتانی جەستەیان بەهەمان شێوازی جەستەی ئەو قوربانیانە سوتاوە کە خۆیان خۆیان سوتاندووە، بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەرکەوت نە سکاڵایان لەسەر هیچ کەس تۆمارکردووە، نە هیچ هۆکارێکی بەئەنقەستیان خستوتەڕوو. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، (**ئەنجامی لایەنی مەیدانی**) خراوەتە ڕوو، کە ئەنجامی ئەو ڕووە شاراوانەن، لەگفتوگۆی چاوپێکەوتنی لێتوێژراوان هەڵێنجراون، لەگەڵ (**دەرئەنجامی گشتی توێژینەوەکە**)، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر چەند یاسا و بڕیارێکی فەرمی، چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووداوەکانی خۆکوژی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

**کلیلە وشەکان** : ڕەوش ، خۆسوتاندن، ئافرەت

**پێشەکی :**

لەکۆمەڵگەی کوردییدا ، (**خۆسوتاندن**)، کە وەک بەشێک لە شێوازەکانی (**خۆکوشتن**)، پۆلێنکراوە، مێژوویەکی قوڵی هەیە، بەڵام بەپێی قوناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی دامەزراوەکان و مامەڵەی یاساکان و ئاشکراکردنی ڕووداوەکان لەڕێگەی میدیاکان و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێژەو ژمارەی ڕووداوەکانی خۆسوتاندن و پاڵنەرو کاریگەرییەکانیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

sjh@univsul.edu.iq

ڕووداوی (**خۆسوتاندنی ئافرەت**) بەپێی ئامارە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ( **کە لەناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەدا وەك دیکیۆمێنت ئاماژەمان بە ئاماری سێنزە ساڵی ڕابردوو کردووە**)، زۆرترین قوربانی لێکەوتوتەوە، بە بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی تر لەسەرووی هەموو ئەو تاوانانە تۆمار کراون کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕووداووی خۆسووتاندنەکەوە تا دەگاتە ناوەرۆکی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە، لە (وتەی قوربانیان)و هەروەها شێوازی گۆڕینی وتەکانیان، هەروەها تایبەتمەندی ئەم شێوازە لە ڕووی دەستکەوتنی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە (**بەڵگەکانی تاوان- الأدلة الجنائية**)، جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرەتای ڕوودانی شێوازەکانی تری خۆکوشتن، کە لەرێگەی (**خۆخنکاندن، خۆدەرمانخواردکردن، خۆفڕێدان لە جێگا بەرزەکان، خۆکوشتن بە چەك، خۆکوشتن لە رێگەی بڕینی شادەماری خوێن** و ...هتد) جێبەجێدەکرێ، هەروەها داڕشتنی ماددەی ٤٠٨ لە یاسای سزادانی عێراقی، لە قۆناغێکدا سزای بۆ پاڵنەری ڕووداوی (**خۆکوشتن**) دیاریکردووە، کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی (**خۆکوشتن**) وەك ئەم قۆناغە کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆ سەری هەڵنەدابوو، یاخود ڕاستتر بڵێین بەم ئاستەی ئێستا تەشەنەی نەکردبوو، لەبەرئەوە پێویستمان بە دووبارە هەمووارکردنەوەی ئەم ماددەیەی سەرەوە هەیە، لەگەڵ دەرکردنی چەندین بڕیاری فەرمی پێویست، تاکو بەپێی قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سروشتی سەرهەڵدانی ڕووداوەکە، یاساکان و بڕیارەکانیان لەگەڵدا بگونجێنین.

**بەشی یەکەم / ڕەهەندەکانی توێژینەوە :**

**باسی یەکەم : گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە**

**یەکەم/ گرفتی توێژینەوە:**

خۆسووتاندنی ئافرەت لەسەر ئاستی هەردوو باری کۆمەڵایەتی (**شووکردووان و شونەکردووان**)، ساڵانێکە وەک کێشەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی بەردەوامە، ئافرەتانی خۆسوتێنەر لەرێگەی (**ئاگر**)ەوە، ڕۆژ نییە نەگەیەنرێنە بەشی سووتانی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان، ئامارە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانیش ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەم گرفتە گرفتێکی سەرتاپاگیرە، پەیوەست نییە بە سەنتەری پارێزگایەک، یان قەزاو ناحیەو گوندێک، یاخود ناوچەیەکی دیاریکراو.

لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکان، ڕووداوەکانی (**خۆسوتاندنی ئافرەتان**)، لەخشتەی پۆلێنکاریی ئامارەکاندا، وەک بەشێکی جیاکراوە لە شێوازەکانی دیکەی (**خۆکوشتن**) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕووداوەکانی (**خۆسوتاندنی ئافرەتان**) لەخۆیدا کۆیکردوونەتەوە، هەر لە پاڵنەرەکانی کەوتنەوەی ڕووداوەکانەوە، تا دەگاتە تێگەیشتن لەو پەیامەی کە لەپشت کرداری (**خۆسوتاندن**) و بەکارهێنانی (**ئاگر**)ەوە هەیە، هەروەها تا دەگا بەتێگەیشتن لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەئاست مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی (**خۆسوتاندن**).

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەدوو لایەنەوە دەخەینەڕوو:**

١-ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (**جۆریی**)ە، لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای (**هەولێر و دهۆک**)، لەرێگەی (**چاوپێکەوتن**)ی بەرکەوتووان، وەک یەکێک لە (**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**) ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی

sjh@univsul.edu.iq

توێژینەوەکە بریتییە لە (**بەشی سووتانی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێرو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری دهۆک**)، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لەو ئافرەتانەی کە (**خۆیان سوتاندووە**)، لەسەرئاستی هەردوو پارێزگای (**هەولێرو دهۆک**)، سنووری توێژینەوەکەش لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای **هەولێرو دهۆک** ئەنجامدراوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئەو ئافرەتانەی خۆیان سوتاندووە، لە زمانی خۆیانەوە، باسی پەیام و پاڵنەرو سروشتی ئەو دۆخە دەکەن کە ئەوانی گەیاندۆتە ئەو رادەیەی لەرێگەی (**ئاگرەوە**)، خۆیان بسوتێنن.

٢- هەروەها گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توانای نزیکبوونەوەو هەڵمژینی بۆنی جەستەی هەڵقرچاوو ئارامگری لەئاست مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی دەروونی و جەستەی شێواوی قوربانییەکان، کە لەوانەیە ئەم رەوشە کارەساتبارە بۆماوەیەکی درێژ کاریگەرییەکانی بەسەر دۆخی دەروونی توێژەرەوە بەجبهێڵێ.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

١-یەکێک لەئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتن بەو ئەنجامەی کە سەرەڕای هەبوونی دامەزراوەکانی تایبەت بە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان لەهەرێمی کوردستان، کەچی کردەی خۆسوتاندنی ئافرەت هەر بەردەوامە.

٢-هەروەها تێگەیشتن لەمامەڵەی یاسایی، لەبەرامبەر کردەی (**خۆسوتاندن**) وەک یەکێک لەشێوازەکانی (**خۆکوشتن**)، لەیاساکانی عێراقی و کوردستانییدا.

٣- ئاشکراکردنی شێوازی مامەڵەکردنی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و کارگێری نەخۆشخانەکان، لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان خۆیاندەسوتێنن.

٤-خستنەڕووی شێوازی مامەڵەکردنی ئەو کەسانەی کە بونەتە هۆکارو پاڵنەری ئەو ئافرەتانەی خۆیان سوتاندووە، لەدوای ئەنجامدانی کردەی خۆسوتاندنەکانەوە.

**باسی دووەم /**

**یەکەم / چەمکەکانی توێژینەوە :**

**-چەمکی رەوش :**

**ڕەوش**: بەمانای دانان و دەستنیشانکردنی وشەیەکە، بەمەبەستی ئاماژەدان بە خستنەڕووی مانایەک.(شارفي، 2018، 15)

هەروەها **ڕەوش** بەمانای دانانی وشەکەیە وەک ئاماژەیەک بۆ ماناکەی، یان تەرخانکردنی وشەکەیە بۆ ماناکەی، یان تەرخانکردنی وشەکە بۆ ئاماژەدان بۆ بەستنەوەی بە ماناکە دێت. ( عنتر، 2017، 11)

**پێناسەی کارپرایی بۆ چەمکی ڕەوش:**

**ڕەوش** بریتییە لە دەستەواژەیەک کە گرنگی و ماناکەی لە بەیەکەوە بەستنەوەی لەگەڵ گۆڕاوەکەی دوای خۆی، یان لەگەڵ گۆڕاوەکانی دوای خۆیدا دەردەکەوێ، نە ئەم دەستەواژیە بەتەنها مانایەکی تەواو دەبەخشێت، نە گۆڕاوەکانی دوای خۆشی بەتەنها مانای ڕاستەقینەی خۆیان تەواو دەکەن، بۆیە ئەم دەستەواژەیە ڕەهەندەکانی ناو گۆڕاوەکەی دوای خۆی دەستنیشاندەکات و دواتر لە ڕوانگەی دەستنیشانکردنەکەوە ئامانجی گۆراوەکەی دوای خۆی، یان گۆڕاوەکانی دوای خۆی ڕووندەکاتەوە.

-خۆسوتاندن : جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆکوژی، لەڕێگەی ئاگربەردانە جەستە، بەمەبەستی خۆکوژی یان هەوڵدان بۆ خۆکوژی، بەهۆی نەبوونی ئارامی تاکەکەس، لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایینی، یان لەپێناوی بارودۆخێکی لەمجۆرەدا قەبارەی دیاردەکە بەگشتی و پشکی ژنان لەو قەبارەیەدا ئاماژەن بەوەی کە لەپشت دیاردەیەکی لەم شێوەیەوە هۆکاری وەک: کۆمەڵایەتی ، ئابووری، فەرهەنگی، کەلتووری، خۆیان حەشارداوە، کە ناکرێت هەڵوەستەی لەسەر نەکەین و نەگەڕێین بەشوێن ئەو هۆکارانەدا.(دزەیی، 2008 ، 9)

هەروەها (**خۆسوتاندن**) واتای کوشتنی خودە بۆ لەناوبردنی ژیانی تاکێک بەدەستی خۆی، وەک ڕەفتارێکی نامۆیی دژبە خودو دژبە بەهاو دابونەریتی مرۆڤایەتی و ئایینەوە، لەئاکامی لاوازی کەسایەتی و ورەدان و هەرەسهێنانی بڕوابوون بەژیان و بەتاک و هەستکردن بەڕووخانی خود ڕوودەدات.(رسول، ٢٠١٧، ١٩)

لەلایەکی ترەوە هاتووە کە (**خۆسوتاندن**)ی ئافرەت لەڕێگەی ئاگرەوە، واتە ئاگر هۆکارێک نییە بۆ ڕزگاربوون لەئازاری ژیان، ئامانجێک نییە بۆ گەیشتن بە تۆڵە، بەڵکو ئاگر هۆکارێکە بۆ دەرخستنی هێزی بەرەنگاربوونەوە.(محمد، 2002، 9)

**پێناسەی کارپرایی بۆ چەمکی خۆسوتاندن:**

**خۆسوتاندن** بەتەنها بریتیی نییە لە شێوازێک لەشێوازەکانی (**خۆکوشتن**)، بەڵکو بریتییە لە یەکێک لەشێوازەکانی (**هەوڵدان بۆ تۆڵەکردنەوە، یان سەرنجڕاکێشان، یان کەمترینجار بۆ خۆکوشتن**)، لەئەنجامی هەڵچوونێکی خێرای دەروونی، یاخود هاندان و ڕاکێشانی قوربانی، بۆئەوەی بەدەستی خۆی ئاگر لەجەستەی خۆی بەربدات، لەیەکەم ساتی کەوتنەوەی ئاگری جەستەیەوە، داوا دەدات بیکوژێننەوە، ئەم داواکارییە پەیامێکە بۆ نەمردن و دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیان.

**-چەمکی ئافرەت:**

لەبارەی تێڕوانین لە ڕەگەزی **ئافرەت**: ڕوانینێک سەبارەت بە ژن؛ کە لای کۆمەڵ هەیە و دەبێتە کۆدی ژن لە زەینی مرۆڤی ئەو کۆمەڵە لە کاتی بیرکردنەوەی لە ژن و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژن، ژنبینی پەیوەندی هەیە بە دنیابینی مرۆڤەکانیشەوە، لە دیدگایەکی مرۆڤانەی یەکسانیخوازەوە ژن وەکو بوونەوەرێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی دەبیندرێت، بۆیە شایان بە هەموو مافەکانیشی دەزاندرێت، لە دیدگایەکی نامرۆڤانەی نادادپەریشەوە ژن بە کەمتر لە پیاو دەبیندرێت و بە شایانی هەمان ئەو مافانە نازانرێت کە پیاو هەیەتی .(قەرەداغی، 2018، 25)

(**ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە**)، ئەم دەستەواژەیە، کە زۆر باوە، لەڕووی زانستییەوە هەرگیز ڕاست نییە، مرۆڤایەتی لە دوو توخمی سەرەکی پێکهاتووە کە لێکجیاناکرێنەوە، **ژن و پیاو**؛ هیچ یەکێکیان پێش ئەویدی دروست نەبووە و ئەمانە هەمیشە هەر

sjh@univsul.edu.iq

پێکەوە بون، جیاوازی فیزیکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام هەردووکیان یەکتر تەواودەکەن و برەو بە مرۆڤایەتی دەدەن.(میران، 2021، 209)

**پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی ئافرەت :**

**ئافرەت** وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەڕووی بایۆلۆجییەوە، بە کۆمەڵێک جیاوازی و تایبەتمەنییەوە دەناسرێتەوە، هەر ئەو جیاوازی و تایبەتمەنییانەشن هەم لەگەڵ ڕەگەزی پیاو **جیایکردۆتەوە،** هەمیش لەگەڵ رەگەزی پیاو **کۆیکردۆتەوە،** ئەم کۆمەڵە جیاوازییانە وادەکات هەرگیز لەڕووی بایۆلۆجییەوە لەگەڵ رەگەزی پیاودا (یەکسان نەبێ)، بەڵام لەڕەهەندی جێندەرییەوە دەتوانێ زۆرێک لە جیاوازییەکانی نزیک بکاتەوە لەگەڵ رەگەزەکەی بەرامبەریدا، تا ئاستی (**یەکسانی**) لە ئەرک و ماف و بەرپرسیارێتی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و تاڕادەیەکیش سەربازی، جگە لە رەهەندی ئایینی، بەهۆی دەقە جێگیرەکان، بەتایبەتی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا.

**دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژینەوەی (د.شوکریە رەسول)، بەناونیشانی ( خۆسوتاندنی ئافرەت بە ئاگر، هەولێر، ٢٠١٧).

لەم توێژینەوەیەدا گەرچی ئاماژە بەهیچ میتودێکی بەکارهاتووی توێژینەوەکە نەکراوە، بەڵام لە ناوەرۆکەکەیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرستارو کارمەندانی تەندروستی (نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی) کراوە، لەگەڵ گێرانەوەی چیرۆکی رووداوی قوربانیان؛ لێرەدا بەگرنگی دەزانین بەشێکی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بخەینەڕوو:

١-خۆسوتاندنی ژنان و کچان بەزۆری کێشەی ناو خێزانە، پاڵنەرو هاندەر (باوک، هاوسەر، کوڕ)ەکە بەرپرسی سەرەکین.

٢-زۆربەی قوربانییەکانی خۆسوتاندن لەگەڕەکە میللییەکان و هەژارنشینەکاندا روویانداوە.

٣-خۆسوتاندن شێوازێکی جیاکاری دژی ژنانە، ئەنجامێکە بۆجیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، کە جەخت لەسەر پایەی کۆمەڵایەتی – ئابووری ژنان دەکاتەوە.

٤-دیاردەی خۆسوتاندن ئەنجامی داب و نەریتە ڕەگداکوتاوەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە.

٥-لەئەنجامی کەیسەکان دەرکەوت، زۆربەی قوربانییەکان شەڕی دەروونیان لەگەڵ کراوە، جگە لەتوندوتیژی جەستەیی، (لێدان، جنێو، سوکایەتی، بوختانکردن).

٦-زۆربەی حاڵەتەکانی خۆسوتاندن لەنەخۆشخانەکان پەردەپۆشکراون.

٧-زۆربەی قوربانییەکانی خۆسوتاندن بۆ چارەی کێشەکانیان، پەنایان بۆ پزیشکی دەروونی و سەنتەری ڕاوێژکاری نەبردووە.

٨-حکومەت بۆ کەیسی خۆسوتاندنی ژنان و کچان هیچ کۆبوونەوەیەکی بۆ گفتوگۆ لەسەر دەرئەنجامی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و مەترسییەکانی (**خۆسوتاندن**) لەناو کۆمەڵگەی کوردی نەبەستووە، یاخود نەیکردووە.

٩-لەبەڵگەکاندا بۆماندەرکەوت ئەو ژنانەی خۆیان سوتاندووە، خەڵکی شارن.

١٠-پەلاماردان بۆ ئاگر، لەهزری ئایین و ئایینزاکانەوە، دەرخستەی بێتاوانی و دەربڕینی ئازارەکانە، کە ژن هەرچی نەهامەتییەکانیەتی بە ئاگری دەسپێرێ.

١١-ئاگر یەکێکە لەتوخمە سەرەکییەکانی ژیان و ئایینزاکان و بەچاوێکی پیرۆز سەیرکراوە، بۆیە هەرچی ڕق و کینە و زۆرداری و ستەمەکانە بە ئاگر سپێردراوە.

١٢-خۆسوتاندن بەئاگر، وەک ڕەگ و ریشەی بۆ ئایینە (ئاری نەژادەکان) دەگەڕێتەوە، کە چۆن وەک وەفایەک بۆ مێردەکەی، خۆی بە ئاگر سوتاندووە، یاخود بۆ دەرخستنی سزا و تاوان بازدان بەسەر ئاگردا هەبووە و ئەم ڕەگە تا ئێستا لەناو هزری کورددا ماوەتەوە.

١٣-زۆربەی خۆسوتاندنەکان تەمەنیان لەنێوان ١٣-٦٠ ساڵیدایە.(رسول، 2017، 69-70)

**باسی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

**-میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، (**چاوپێکەوتن**) وەک یەکێک لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، ئەنجامدراوە.

چەند پرسیارێکی چۆنایەتی و چاوپێکەوتنی جۆری (نیمچە کراوە)، بەکارهێنراوە، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە بریتییە لەو جۆرەی کە توێژەر ئازادە لە ئاراستەکردنی پرسیار بەرامبەر بەو کەسانەی بۆ چاوپێکەوتن دەستنیشانیان دەکات، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا کە پێشتر ڕێکەوتنی لەبارەوە کراوە، واتا ئەو پرسیارانەی لەو جۆرە  چاوپێکەوتنەدا دەکرێن پێشتر ناوەڕۆکەکەی دەستنیشان کراوە .(عجال وربوش، 64)

دەرکەوتووە بەشێک لەو ئافرەتانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، بە پاڵنەرو هۆکاری خێزانی، کۆمەڵایەتی، ئەلیکترۆنی، خۆیان سوتاندووە، بەشێکیش لە کەیسەکان بەپێی شێوازی سوتانەکانیان دەردەکەوێ کە خۆیان خۆیان سوتاندووە، بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتنیاندا لەبەر چەند هۆکارێک (**کە لە ئەنجامەکانی بەشی مەیدانی توێژینەوەکە**) ئاماژەیان بۆدەکەین، نە داوایان لەسەر کەس تۆمارکردووە، نە هیچ کەس بە پاڵنەر دەزانن.

کۆمەڵگەی توێژینەوە : بریتیین لەبەشی سوتانی نەخۆشخانەکانی (**ئیمێرجنسی هەولێر و بەشی سوتانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک**).

-نمونەی توێژینەوەکە : ئەو ئافرەتانە وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، کە لە(**بەشی سوتانی نەخۆشخانەکانی هەولێرو دهۆک)** لەکاتی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، چاوپێکەوتیان لەگەڵ کراوە.

-سنووری توێژینەوەکە : هەردوو پارێزگای (**هەولێر، دهۆک)**، وەک سنووری توێژینەوەکە هەڵبژێردراون.

**-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری : (چاوپێکەوتن):**

- **چاوپێکەوتنی یەکەم :**

**(ج، ن ، ق)**، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ ، خەڵکی ناوشاری هەولێرە، شوێنی نیشتەجێبوونیشی هەر لەناو شاری هەولێرە، رێژەی سووتانی جەستەی (٧٨%)ە، لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر، لەژوورێکی تەنیادا چارەسەری پزیشکی وەردەگرت، هاوسەرگیری کردووەو دایکی کچێکی (٥) ساڵانە، ناوبراو بەئاگر خۆی سوتاندووەو وەک خۆی دەڵێ هاوسەرەکەشی مامەڵەی لەگەڵیدا باشنەبووە.

وەک خۆی بە دەنگێکی سوتاو و هەناسەیەکی تەنگەوە، هۆکاری رووداوەکەی ئاوا بۆ گێڕاینەوە:

چەند رۆژێک پێش ئەوەی خۆم بسوتێنم، وادیارە نامەیەکی مۆبایل بۆ ژمارەی مۆبایلی خەزورم هاتبوو، تێیدا نوسرابوو: (بوکەکەتان بەڕەڵا بووەو ئاگاتان لێنەماوە، ئێوەش پیاونین ئەگەر پیاو بن چارەسەری دەکەن)، خەزووریشم مێشکی مێردەکەمی پڕکردبوو، تا وایلێهات هاوسەرەکەشم باوەڕی بەو قسانە کردبوو کە لە نامەکەدا نوسرابوو، وتیان تەنها ئەو نامەیە بووە، نە من، نە خەزورم، نە هاوسەرەکەشم نەیاندەزانی کێ بوو ئەو نامەیەی بۆ خەزورم نارد، ئەمنیش مۆبایلەکەم تێکچووبوو، بۆیە نازانم ئەو نامەیە بۆ ژمارەی منیش هاتبوو یان نا، ئیدی مێردەکەم زۆر ئیهانەی کردم، و رۆیشتە دەرەوە، بۆیە سەبرم نەما، دەمەو بەیانی بوو، کچەکەم ناردە دووکان بۆ شت کڕین و دواتر بە نەوت و چەرخ خۆم سووتاند.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو دەیویست بەراستی خۆی بکوژێ و بمرێ؟ یان تەنها دەیویست بیاترسێنێ؟ یان سەرنجیان رابکێشێ و تێیان بگەیەنێ و نیشانیان بدات کە ئەوەی دەیکەن ستەمە بەرامبەری؟ لەوەڵامدا وتی: نازانم، خۆشم نازانم، تەنها ئەوەندە دەزانم کە زۆر بێزاربووم لەژیانی خۆم و ئەو بارودۆخەی بەسەر منیان هێنا، بەبێ ئەوەی ئاگام لەهیچ بێ، بۆیە دەمویست بمرم و لەکۆڵیان ببمەوە، لەگفتوگۆکەماندا بۆمان دەرکەوت پەشیمانە لەوەی کە خۆی سوتاندووە، وتی ئەگەر چاک ببمەوە بەو مەرجە دەچمەوە لایان باش بن لەگەڵم، بەتایبەتی هاوسەرەکەم، لێمانپرسی سکاڵات لەسەر کەس تۆمارکردووە؟ وتی بەڵێ سکاڵام لەسەر مێردەکەم تۆمارکردووە، پرسیمان ئەی بیری کێ دەکەی ؟ وتی بەس بیری کچەکەم دەکەم، بەداخەوە دوو رۆژ دوای چاوپێکەوتنەکە، گیانی لەدەستدا.

- **چاوپێکەوتنی دووەم :**

**( س، م، ع)**، دانیشتوی ناو شاری هەولێرە، رێژەی سوتانەکەی ٨١%، لەدایکبووی ١٩٩٠، لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر، دایکی کچێکی دووساڵانە، وەک سەرجەم سوتاوەکانیتر، لەژوورێکی تەنیا چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ، ئەویش (کە خۆی خۆی سوتاندووە)، بە دەنگێکی نوساو و هەناسەیەکی قورسەوە، هۆکاری رووداوەکەی ئاوا بۆ گێڕاینەوە:

من تەمەنم پانزە ساڵان کەمتریش بوو کە بەمێردیاندام، هەر لەسەرەتای هاوسەرگیرییەکەمەوە تا ئێستا لەکێشەدابوین، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە بەدروستی چ هۆکارێک ئەوی گەیاندە ئەو ڕادەیەی کە بەدەستی خۆی خۆی بسوتێنێ؟

sjh@univsul.edu.iq

ئەو جگە لەوەی لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوەدا کە قۆناغەکانی تەمەنی ئەو گونجاو نەبوو بۆئەوەی هاوسەرگیری بکات، بۆیە وەک خۆی وتی نەمدەزانی ئەرک و گرنگی هاوسەرگیری چییەو چۆنە، ئەویش وەک من هەمان کێشەی بوو، بۆیە لەسەرەتاوە هاوسەرگیرییەکەمان بە شەڕو ئاژاوە دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەی منی والێکرد خۆم بسوتێنم، هەڕەشەکانی ئەو بوو کە بەردەوام بەوە دەیترساندم کە(**ژنم بەسەردێنێ**)، هەموو ڕۆژێ هەستم بە کەمی و سوکایەتی خۆم دەکرد، بەڵام لەسەرەتای هەفتە وابزانم یەکشەممە بوو، وتی من ڕۆژی چوارشەممەی ئەو هەفتەیە ژنت بەسەر دێنم و دەبێ بڕۆیەوە بۆ ماڵی بابیشت، وتم قبوڵی ناکەم، وتی ئەگەر خۆت نەچییەوە بەقژڕاکێشان دەتبەمەوە ماڵی بابت، وتم واملێبکەی خۆم دەکوژم، وتی چیت لەدەست دێ بڕۆ بیکە، ویستی بەزۆر لەماڵێ دەرمبکا، منیش دەبەیەک نەوتم برد بۆ حەمامی ماڵێ، بەبەردەمیدا ڕۆیشتم، وتم من خۆم دەسووتێنم، وتی کوا ئەوەندە ئازای شتی وا دەکەی، من بەڕاستی نەمدەویست خۆم بسوتێنم، دەمویست بەدوامدا بێ و دەستمبگرێ و ئاشتم بکاتەوە، بۆیە چووم لەحەمامەکە بۆماوەیەک دانیشتم چاوەڕێمدەکرد بێت، بەڵام هەرنەهات، منیش نەوتەکەم بەخۆمداکرد و خۆم سوتاند.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمارکردووە؟ وتی سەرەتا کە منی هێنا بۆ نەخۆشخانە پێیوتم ( نەکەی ناوی کەس بێنی ، ئەگەر نا دەرزییەکیان هەیە، هەر دکتۆرەکان خۆیان دەتکوژن)، بۆیە نەموێرا سکاڵا تۆمار بکەم، تا هاتمە ئێرە، ئێستا سکاڵام تۆمارکردووە، بەڵام تەنەزولم لە سکاڵاکەم کردووە، چونکە چاوم لەوەیە بمباتەوەو ماڵی سەربەخۆم بۆدانێ و نامەوێ هەموو ژیانم بەهۆی ئەو سکاڵایەوە بسوتێنم، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا پەشیمانە لەوەی کە خۆی سوتاندووە؟ ناوبراو وتی پەشیمانم زۆر، بەس زۆر ئازارم هەیە، بەداخەوە ٤ ڕۆژ دوای چاوپێکەوتنەکەمان گیانی لەدەستدا.

تێبینی : تا ئەو ڕۆژەی کە گیانی لەدەستدا، هاوسەرەکەی و هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی سەردانیان نەکرد، خوشکەکانیشی جارجار لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەواڵیان پرسیوە، تەنها دایکی، کە تا دوا هەناسەی لەژێر سەری دانیشتوو ئەوەی جێنەهێشت.

➢ **چاوپێکەوتنی سێیەم :**

**(ل ، م ، ر)**، دانیشتووی سەنتەری پارێزگای دهۆکە، ماوەی پانزە مانگە هاوسەرگیری کردووە، لەبەشی سوتانی نەخۆشخانەی فریاکەتنی دهۆک، وەک سەرجەم سوتاوەکانیتر لە ژوورێکی تەنیا چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ ، ڕێژەی سوتاوییەکەی ٣٨%ە، بەڵام دەورووبەری سک و ناوکی بەرکەوتووە، ئەم ڕووبەرە لە جەستەی مرۆڤ کە ئاگر بەقوڵی بەری دەکەوێ، تاڕادەیەکی زۆر مەترسیدارە، هەرچەندە ئەو تاڕادەیەک بە تەندروستییەکی باشەوە باسی ساتەوەختی ڕووداوەکەو پاڵنەری سەرەکی ڕووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە :

ماوەیەک بوو هەستمدەکرد مێردەکەم گۆڕاوە، هەڵسوکەوتی ئاسایی نەبوو، کە سەری دەخستە سەر مۆبایلەکەی، لە زەردەخەنەو چاوانییەوە هەستمدەکرد دەچێتە ناو دنیای تایبەتی خۆیەوە، نوستنی سەرجێگەشی لەگەڵ مندا وەک پێشتر نەمابوو، بۆی گرنگ نەبوو من پێویستم بەسەرجێی هەیە یان نا، هەندێجار هەستمدەکرد لەپیاوەتی کەوتووە، بۆیە پرسیاری زۆرم لەلا دروستبوو، کەوتمە ناو خەیاڵاتی جۆراوجۆرەوە، لەلایەکەوە هەستمدەکرد کێشەیەکی تەندروستی هەیەو وەک زۆرینەی پیاوەکانی تر شەرمدەکات ڕاستییەکەم پێبڵێ، لەترسی ئەوەی نەوەک لەپیاوەتی ئەو کەمببێتەوە، لەلایەکەی تریشەوە گومانی زۆرم لادروست بوو کە چووبێتە ناو پەیوەندییەکی نوێوە، لەگەڵ ئافرەتێکی ترداو خۆی لەئەودا بەتاڵ بکاتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە هەردووکتان چ کارێک دەکەن؟ وتی ئێمە هەردوکمان فەرمانبەرین، هەردووکیشمان لەیەک کاتدا دەچووینە دەوامی فەرمانگەکانمان، لەم رۆژانە بەیەکەوە رۆیشتین بۆ دەوامی ئاسایی فەرمانگەکانمان، دەورووبەری کاتژمێر ١٠:٢٠ خولەک، خەیاڵێکی گوماناوی هات بە مێشکمدا، نازانم موعجیزە بوو خوا خستییە دڵمەوە، یان هەر لەخۆمەوە ئەو خەیاڵەم لادروست بوو، داوام لە بەڕێوەبەرەکەم کرد مۆڵەتێکی کاتیم پێبدا بۆماوەی ٢ کاتژمێر، مۆڵەتەکەم وەرگرت و سواری سەیارەکەم بووم و بەڕێکەوتم بەرەو ماڵ، کە نزیکی کۆڵانی ماڵەکەمان بوومەوە، سەیرمکرد سەیارەی مێردەکەم لەبەردەرگایە! لەجێگەی خۆمەوە ڕاچڵەکیم، چونکە ئێمە بەیەکەوە هاتین بۆ دەوامی رۆژانە، بەهەرحاڵ، ئێمە هەردووکمان کلیلی دەرگای دەرەوەو ناو ماڵەکەمان لەلایە، بەهێواشی دەرگای حەوشەی ماڵەکەم کردەوەو چوومە ژوورەوە، ویستم دەرگای مەدخەلی ماڵەکەم بکەمەوە، مێردەکەم بینی بەرەوڕووم هات، خۆی دەرگاکەی کردەوە، وتی بۆ هاتوویەوە؟ وتم تۆ بۆ هاتوویەوە ماڵ بەو بەیانییە؟ دەستی گرتم و منی بەنەرمی راکێشا بەرەو حەوشەکە، وتی شتێکت پێدەڵێم بەس تورە مەبە، وتم هیچم پێمەڵێ، پێمبڵێ کێ لەژوورەوەیە؟ وتی پێتدەڵێم، بەومەرجەی تورە نەبی، دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر، وتی ئافرەتێک لەژوورەوەیەو کورد نییە، عەرەبە، وتم باشە دەمەوێ بیبینم، وتی نابێ بیبینی، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم شتیوا دووبارە نابێتەوە، وتم نا ، هەردەمەوێ بیبینم تا بزانم کێیە؟ ماوەیەکی زۆر پێداگیریم کرد تا بەس بیبینم، دواجار رازی بوو بیبینم، وتم بەڵێنت پێدەدەم بەس بیبینم هیچ ناکەم، تەنها دەمەوێ بزانم کێیە، رۆیشتە ژوورەوەو ئافرەتەکەی هێنایە دەرەوە، کە ئەو دیمەنەم بینی، نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرم، وتم باش بابڕوات، ئەوان چوونە دەرەوەی دەرگای دەرەوەی حەوشەی ماڵەکەم، منیش دەبەیەک نەوتی لای توالێتی حەوشەکەم بردە حەمامی ژووری و چەرخی سەر تەباخەکەشم هەڵگرت و خۆم سوتاند.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا پەشیمانە لەوەی کە پەنای بۆ ئاگرو چەرخ بردووە؟ لەکاتێکدا رێگەیتر هەبووە بۆ چارسەری ئەو دیمەنە ئازاربەخشەی کە ئەو بینیویەتی؟ وتی بەڵێ زۆریش پەشیمانم، ئەو جارە چاک ببمەوە قەت ئەو ئازارەی کە من بینیم توشی خۆمی ناکەمەوە، داوادەکەم ئێوەش ئەو بارودۆخەی من بگەیەنن، تا هیچ کەسی تر وەک من لەو ئازارەدا نەمێنێتەوە.

تێبینی: گەرچی رێژەی سوتاوییەکەی کەمبوو، بە پێوەرە پزیشکییەکان ئەم رێژەیە نزیک نابێتەوە لەمردن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سوتاوییەکەی دەورووبەری ناوک و سکی گرتبوو، گەیشتبووە قوڵایی نمرەی (٣)ی سوتان، دوای سێ رۆژە لە چاوپێکەوتنەکەمان گیانی لەدەستدا.

- **چاوپێکەوتنی چوارەم :**

**(ب . م . م)** لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥، دانیشتووی دەرەوەی سەنتەری پارێزگای دهۆکە، لەنزیکەوە خێزانەکەیان دەناسم، هاوسەرگیری نەکردووە، ٥ خوشک و چوار بران، باوکیان بەڕادەیەکی نائاسایی هۆگری کچەکانییەتی بەتایبەتی، لەبەشی سوتانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک، بە رێکەوت بەلای ژووری سوتاوەکاندا تێپەڕبووم، لەیەکێک لەژوورەکاندا (کە نیازم نەبوو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەم)، ناوبراوم بینی، خوشکێکی بەسەرسەریەوە وەستابوو، چوومە ژوورەوەو داواملێکردن رێگە بدەن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بکەم، لەکاتێکدا ئەو هەفتەیەک بوو خۆی سوتاندبوو، رێژەی سوتانەکەی ٧١% بوو، چارسەری پزیشکی وەردەگرت، دەستمان بە گفتوگۆکرد و بەهەناسەیەکی توندەوە، کە بەحاڵ نوزەی لەدەنگییەوە دەهات، بەم جۆرە باسی رووداوەکەی بۆکردم:

ئەو رۆژەی کە خۆم سوتاند لەگەڵ خوشکە بچووکەکەم دەمەقاڵێکی ناخۆشمانکرد و قسەی زۆر ناخۆشیشمان بەیەکتری گوت، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەڕەشەی ئەوەی لێکردم بەوەی کە هەر شتێکی نهێنیم هەبێ بەبابم بڵێ، منیش قەت پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئاوام لەگەڵ بکات، بۆیە کە بابم ئێوارە هاتەوە، هەموومان لەژووری میوان دانیشتبوین، خوشکەکەم وەک پێشتر هەڕەشەی لێکردبووم، هەڕەشەکانی کردە راستی، لەناو زەرفێکی رەشدا دوو مۆبایلی دەرهێناو فڕێیدایە بەردەمی بابم و پێیگوت:

(فەرموو، بزانە کچەکەت خەریکی چییە؟! بەبێ ئەوەی کەتۆ ئاگات لێبێ، لەجیاتی یەک، دوو مۆبایلی بەدزییەوە هەیەو رۆژ هەتا ئێوارە خەریکی دڵدارییە لەگەڵ کوڕان)، بابم رێک رەنگی گۆڕا، قەت بابم ئاوا بەتوڕەیی نەبینیوە، هەردوو مۆبایلەکەی کردەوەو سەیری کرد و نامەکانی منی خوێندەوە، خوشکەکەمی ناردە دەرەوەو دەرگای ژوورەکەی لەسەرمن داخست و بە هاوارێکی توندەوە وتی دەتەوێ حەیام ببەی؟ کوا ئەو هەتیوە لەکوێیەو کێیە؟ منیش نەمتوانی لێیبشارمەوە، راستییەکەیم پێگوت کە ماوەیەکە کوڕی فڵانکەسم ناسیوە، بەڵام هیچ هەڵەیەکم نەکردووە لەگەڵیدا، ئەوەندەمزانی بەهەموو هێزی خۆیەوە زللەیەکی لێدام، لەبەرئەوەی یەکەمجارم بوو بابم لێمدا، یەکسەر دەرگەی ژوورەکەم کردەوەو رامکردە سەربان، دوای کەمێک هاتمەوە خوارێ نەوت و چەرخەکەم بردە سەرەوەو ئاگرم لەجەستەی خۆم بەرداو بەپارچەیەک ئاگرو هاوارەوە رامکردەوە خوارێ.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە تاچەند پەشیمانە لەوەی کە خۆی سوتاندووە؟ لەکاتێکدا دەتتوانی داوای لێبوردن لەبابت بکەی و داوا بکەی دەرفەتێکی ترت پێبدا، بەڵام وەک خۆی وتی جگە لەوەی پەشیمانە، لەسەرەتاوە بۆئەوە خۆی نەسوتاند تا ئەوەندە بەخراپی جەستەی هەڵبقرچێ، ویستم بزانم داوای یاسایی لەسەر بابی تۆمارکردووە؟ لەوەڵامدا وتی دڵمنەهاتووەو دڵمنایە، چونکە دەمرم بابم بەهۆی منەوە بچێتە سجن.

تێبینی : دوای سێ رۆژ لە چاوپێکەوتنەکەمان، لەرێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیم کرد بە بابیەوە، لەبارودۆخێکی دەروونی زۆر خراپدا وەڵامی دامەوە، وتم دەمەوێ سەردانی بکەمەوە، دەمەو رۆژئاوابوون کە چوومەوە سەردانی، هەستمکردن ئازاری نەماوەو ئومێدی هەبوو چاکببێتەوە، بەڵام بۆ رۆژی دواتر گیانی لەدەستدا.

➢ **چاوپێکەوتنی پێنجەم :**

**( أ . ک .م )** لەدایکبووی ١٩٩٧، لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر وەک سوتاوەکانی تر، لەژوورێکی تەنها چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ، لەیەکێک لەقەزاکانی دەوروبەری شاری هەولێرەوە هێنراوبوو، خاوەنی یەک خوشکەو کچی گەورەی ماڵە، ماوەی دوو مانگە مارەکراوەو سێ رۆژ بەرلە خۆسوتاندنی، بڕیاربووە بگوازرێتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ کەس هۆکارەکەی بزانێ ناوبراو خۆی سوتاند، رێژەی سوتانەکەی ٩١% بوو، ئەورۆژەی کە بەناوی سەردانیکردنەوە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کرد، نە ناوی هیچ کەسێکی هێنا، نە هیچ هۆکارێکیشی بۆدیاریکردین، سەرەتا گومان دەکرا لەرێگەی مۆبایلەوە لەلایەن کەسێکەوە هەڕەشەی لێکرابێ، تا دەستبەرداری هاوسەرەکەی بێ، بەڵام لەیەکەم رۆژی سوتانەکەیەوە، لەلایەن نوسینگەیەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە پشکنین بۆ مۆبایلەکەی کرابوو، هیچ هەڕەشەیەک، یان نامەو وێنەو ڤیدیۆو چات و پەیوەندی و دەنگێکی نامۆی تێدا نەدۆزرابۆوە، دوای دە ڕۆژ لە کۆچی دوایی ناوبراو، سەردانی یەکێک لە

نزیکترین هاوڕێکانی خوالێخۆشبووم کرد، تا سەرەداوێکی ڕووداوەکەم دەستبکەوێ، وتی بەرلەوەی خۆی بسوتێنێ، نامەیەکی بۆمن ناردو تێیدا هاتبوو:

(ئەمڕۆ کە "ج" ی مێردم وەک هەموو ڕۆژێک هات بۆماڵمان، چوومە مەتبەخی ماڵەکەمان، تا سینییەک ئاو و چا لەگەڵ خۆم بەرم بۆی، کە هاتمە ژووری میوان سەیرمکرد لەوێ نییە، دواتر چوومە ژوورەکەی تری ماڵەکەمان، دەرگاکەم کردەوە، سەیرمکرد "ن" ی خوشکم لەباوەشی "ج" ی مێردمدایەو توند لەیەکتری ئالاون، کە ئەو خیانەتەم لێبینی، نەمتوانی تەحەمولیان بکەم، بۆیە گەردنم ئازاد بکەن خۆمدەسوتێنم)، دوای ئەوەی نامەکەیم خوێندەوە، هەوڵمدا پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام مۆبایلەکەی داخست و تا من گەیشتمە لای، بەداخەوە خۆی سوتاندبوو).

تێبینی : لەرۆژی یەکەم، لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی کرا، بەڵام لەبەرئەوەی لێتوێژراو سکاڵای لەسەر کەس تۆمارنەکرد، هیچ کەسێک سزای یاسایی وەرنەگرت.

➢ **چاوپێکەوتنی شەشەم :**

**( ج . ل . ق )**، دانیشتووی دەورووبەری سەنتەری شاری هەولێرە، لەدایکبووی ١٩٨٥، لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر لەژوورێکی تەنیا چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ، هاوسەرگیری نەکردووە، ڕێژەی سوتانەکەی ٨٧%، چوار خوشک و شەش برای هەیەو تەمەنی ئەو لەهەموویان گەورەترە، هەر لەسەرەتاوە نەیانخستۆتە بەرخوێندن، بۆیە خوێندەواری نیە، بەرلەوەی بچینە ناو ئەو پرسیارانەی سوتانی جەستەی پەیوەندی بە چ هۆکارێکەوە هەیە، ئەو خۆی خێرا هاتە ناو بابەتەکەو بەم شێوەیە کاتی ڕووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە:

وتی کێشەم لەگەڵ کەس نییەو خۆم خۆم نەسوتاندووە، لێمپرسی بەچی سوتاوی؟ لەوڵامدا وتی بە غاز، چەرخم لەغازەکەدا و ڕاست تەقی، وتم بەڵام غاز ناتەقێ! دواتر تۆ لەبەردەم تەباخ بوی یان لەبەردەم غازەکە؟ وتی غازەکە، نازانم تەباخ بوو یان غازبوو، دواتر هاتەوە ناو ئەو دەستەواژانەی کەپەیوەندی بە بێگوناحی ئەوانی دیکەوە هەیە، بۆیە زووزوو دەیگوت کەس مەگرن، کێشەم لەگەڵ کەس نیە، لێمپرسی ئەی ئەگەر کێشەت هەبووبێ زیاتر پەنات بۆ کێ دەبرد؟ لەوڵامدا وتی :

قەت نەکێشەم هەبووە نە کێشەم هەیە، لەژیانیشمدا بێتاقەت نەبووم ! بەسە ناتوانم قسە بکەم .

دواتر پرسیارم لە پوری سوتاوەکە کرد، کە دەکاتە (خوشکی دایکی)، وتی لەیەکەم چرکەی ڕووداوەکەوە دایکی کە جەستەی ئەوی بە هەڵقرچاوی بینی، لەهۆشخۆی چوو، فشاری خوێنیشی زۆر دابەزی، تا ئێستا کە چوارەمین ڕۆژە لێرەین دایکی نەیتوانوە بێ، نایهەوێ کچەکەی بەو جەستە شێواوەوە ببینێ، لە پورەکەیم پرسی کە کێشەی لەگەڵ کێ هەبووە پێشتر؟ وتی ئەوەندەی من ئاگادار بم کێشەی لەگەڵ هیچ کەس نەبووەو کچێکی ئیشکەرو باش بووە تا ئێستا، لەو قسەو باسانەدابوین، کچەکە هاواری کردو وتی ئازارم هەیە، دایە ئاوم بدەیە، دواتر ڕوومان لە کچەکەکردەوە، وتمان تۆ چاکدەبیەوەو دەچییەوە ماڵەکەت، بەڵام ئەو جارە کە چویەوە ماڵ، دەوێری تەباخ و شت بەکاربێنی؟ وتی قەت تەباخم بەکارنەهێناوە! قەتیش بەکاریناهێنم، دواتر پورەکەی وتی لەدوێنێوە داوای دایکی دەکات و دایکیشی ناتوانێ بێت و ئاوا ببینێ، نازانم چۆن جوابی بدەمەوە؟!

تێبینی : دوای دوو ڕۆژە لە چاوپێکەوتنەکەمان، بەهۆی بەرزی ڕێژەی سوتانەکەیەوە، گیانی لەدەستدا.

➢ چاوپێکەوتنی حەوتەم :

**( س . ر . ش )**، لەدایکبووی ١٩٨٠، ڕێژەی سوتاوییەکەی ٩٠% ، دانیشتووی سەنتەری شاری هەولێرە، لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر لەژوورێکی تەنها چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ، هاوسەرگیری کردووەو خاوەنی شەش منداڵە، سێ کچ و سێ کوڕی هەیە، ماوەی یەک هەفتەیە لەنەخۆشخانە چارەسەری پزیشکی وەردەگرێ، بەهۆی ڕێژەی سوتاوییەکەیەوە نەیتوانی وەڵامی پرسارەکانم بداتەوە، بەڵام پوری، کە دەکاتە (خوشکی دایکی)، تەمەنی نزیک لە ٧٠ساڵ تێپەڕی کردبوو، لەیەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەوە، لەگەڵی ماوەتەوەو چاودێری دەکات، ئەو بەو شێوەیە زانیاری لەبارەی هۆکارو دۆخی ناوبراوی پێداین:

لێمپرسی ئەو بەچی سووتاوە؟ وتی ئەو بۆخۆی خۆی نەسووتاندووە، بەڵکو ئەو بەقەزاوقەدەر سووتاوەو تەباخی ماڵەکەیان کڵپەی کرتووە، دواتر لێمپرسی ئەو زیاتر لە پێیەکانییەوە سووتاوەو شێوەی دەمووچاوی باشەو پرچیشی نەسووتاوە!، وتی نازانم بەس ئەوەندەیان بەمن گوتووەو کە ئەو بە تەباخ سوتاوە، لێمپرسی کێ وای بەتۆ گوتووە؟ دکتۆرەکان؟ گوتی نا، ماڵی خۆیان پێیانگوتم هەرکەسێک پرسیاری لێکردی بڵێ بە تەباخ سوتاوە، بەڵام ئەو زەحمەتە بژی چونکە یەک هەفتەیە هیچ شتێکی نەخواردووە، لێمپرسی دکتۆرەکان دەڵێن ناژی؟ گوتی نا بەس ئەگەر تۆ هەفتەیەک هیچ شتێک نەخۆی دەژی؟

تێبینی : یەک ڕۆژ دوای چاوپێکەوتنەکەمان، ناوبراو گیانی لەدەستدا.

- ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە :

١- لەکاتی چاوپێکەوتنەکانماندا ئەو ئەنجامەمان بۆ دەرکەوت کە سەرجەمیان لەیەکەم ساتی کردەی خۆسوتاندنەکەوە پەشیمانن لەوەی کە خۆیان خۆیان سوتاندووە، هەر بۆیە لەیەکەم ساتی خۆسوتاندنەکەوە داوادەکەن فریایان بکەون و یانکوژێننەوە.

٢-بۆماندەرکەوت کە ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن (بە بڕیار) خۆیان ناسوتێنن، بەڵکو لەئەنجامی هەڵچوونێکی دەروونی خێرا، پەنا بۆ ئاگر دەبەن.

٣-بەشێک لە قوربانیان نایەنەوێ هیچ کەس لەخێزانەکانیان ڕووبەڕووی سزای یاسایی ببنەوە، بۆیە ڕووداوی سوتانەکان بە ڕووداوی (قەزاوقەدەر) لەوتەکانیان دەخەنەڕوو.


٤-بەشێک لە قوربانیان بەهۆی بەرزی ڕێژەی سوتاوییەکەیانەوە نەتوانرا زانیاری زۆر وردو قوڵتریان لێوەربگیرێ.

٥-بۆماندەرکەوت کە زۆرینەی جار جگە لەکەسی هاندەری سەرەکی، ئەندامانی تری ناو خێزانە گەورەکەی قوربانیش، • هاوسۆز نین لەگەڵ قوربانییدا)، هەر بۆیە کەمترین کەس لە (باوک، هاوسەر، برا، تەنانەت خوشک) سەردانییان کردون، لەکاتێکدا ئەگەر خودی قوربانی بەهۆی ڕووداوێکی ترەوە بکەوێتە نەخۆشخانە، ئاستی هاوسۆزییەکەیان بۆی، بەرزتر دەبوو.


٦-لەئەنجامی (تێبینیکردن)ی خۆمان، لەمیانەی ئەزمون و سەردان و چاوپێکەوتنەکانماندا، بۆماندەرکەوت کە لەبەرئەوەی یاساو شەریعەت ڕێگەی بەمرۆڤ نەداوە کە خۆی خۆی بکوژێ، ئەوەمان لادروست بوو کە (کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش هاوسۆز نین) لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی خۆیان خۆیان سوتاندووە.

٧-زۆرینەی ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن، لەساتی یەکەمی سوتانەکەیانەوە، ڕادەکەن و هاواردەکەن تا بیانکوژێننەوە، ئەم ڕاکردنە هێندەیتر کڵپەی ئاگری جەستەیان زیاتر دەکات، هەربۆیەشە زۆربەی جار لەماوەی ٣٠ چرکە، ڕێژەی سوتانی جەستەیان دەگاتە ئاستی ٨٠% یان زیاتر.

-ئاماری ڕووداوەکانی خۆسوتاندنی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠١٠ تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣:(وەزارەتی ناوخۆ، 2010-2023)



جیاوازی لەنێوان ڕووداوەکانی خۆسوتاندنی ئافرەتان لەنێوان هەردوو پارێزگای (هەولێر، دهۆک)، (بەڕێژە) – (٢٠١٠-٢٠٢٣):




- دەرئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە:

١-سەرەڕای دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە ڕوبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان، و کردنەوەی بنکەکانی دالّدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، دامەزراندنی زیاتر لە ٥ هەزار ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام ڕووداوەکانی خۆسوتاندنی ئافرەتان بەردەوامی هەیە، ئەم بەردەوامییەش ئەو ئەنجامەمان بۆ دەردەخات کە دۆسیەی (خۆسوتاندنی ئافرەت)، وەک دۆسیەیەکی تایبەت نەچۆتە ناو پلانی ستراتیژی دامەزراوەو دەسەڵاتە باڵاکانی هەرێمی کوردستان.

٢-گەرچی لەساڵی ٢٠٠٤ لەرێگەی دەرکردنی یاسای ژمارە (٤٢) کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە، کە تێیدا هاتووە:

ماددەی یەکەم : برگەی (١) ماددەی (٤٠٨) لەیاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٦٩) لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەکاردەخرێ، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**(هەرکەسێ گاڵی ـ هانی کەسێ بدات خۆی بکوژێ، یان بەهەرشێوەیێ یارمەتی بدات خۆی بکوژێ، یان بووبێ بە هۆکاری خۆکوشتنەکە، ئەگەر خۆکوشتنەکە بەپێی ئەوە ڕوویدابێ، ئەوا ئەو کەسە سزای زیندانی بۆ ماوەیەک بەسەردا دەدرێ لە حەوت ساڵ نەترازێ، لەحاڵەتی شروعیشدا سزاکەی حەپس کردنە).**

بەڵام تا ئێستا وەک پێویست ئەم سزایەی سەرەوە وەک خۆی جێبەجێنەکراوە بەسەر کەسانی هاندەرو هۆکارە سەرەکییەکاندا.

٣-(چاولێکەری و لاساییکردنەوە)، لەڕێگەی میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە یەکێک لەهۆکارەکانی فێربوون و بەردەوامی ڕووداوەکانی خۆسوتاندنی ئافرەتان دەردەکەوێت.
٤-داواکاری گشتی وەک پێویست نەیتوانیوە خۆی بکات بەخاوەنی ئەو ڕووداوانەی کە لەبنەڕەتدا (خۆسوتاندنن) بەڵام (بەسوتانی قەزاوقەدەر)، مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

٥-وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی کوشتن و خۆسوتاندن قەدەغە دەکات و ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە دەبێتە هۆی بەبازاڕکردن و هاندانی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی و سەرجەم میدیاو پەیجە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەوە و ئەوەش دووپاتدەکاتەوە هەر دەزگایەك پێوەی پابەند نەبێت ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی رۆژی 8ی حوزەیرانی 2022 بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی رۆشنبیری و پاڵپشت بەنووسراوی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن لە راگەیاندنەکاندا قەدەغەکراو هەر لەو نووسراوەدا هاتووە کە ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوانە دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکی بۆ دووبارە ئەنجامدانی و چاولێکەری، بەڵام تا ئێستا نەزانراوە هیچ دەزگایەکی میدیایی بەپێی ئەم نوسراوە ڕووبەڕووی سزای یاسایی بوبێتەوە.

- راسپاردە:

١-ئەرکی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانە، کە لە شێوازی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٤٢ی ساڵی ٢٠٠٤ بپێچێتەوە، سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسا بەرکارە.
٢-ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەدیاریکراوی فەرمانگەی میدیاو زانیارییە، لە ئەنجامەکانی ئەم نوسراوە بپرسێتەوە، کە لەسەر راسپاردەی ئەوان وەزارەتی رۆشنبیری داوایکردووە مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ئەو میدیایانە بکرێ، کە هەواڵی خۆکوشتن بڵاودەکەنەوە.
٣-ئەرکی داواکاری گشتییە، بەهاوبەشی لەگەڵ بەشەکانی لێکۆڵینەوەی نەخۆشخانەکان، لەرێگەی بەشی سوتانی نەخۆشخانەکانەوە، گەرماوگەرم بکۆڵێتەوە لەدۆخی ئەو ئافرەتانەی کە بەهەر هۆکارێک بێ ناوێرن یان ناتوانن هۆکاری راستەقینەی خۆسوتاندنیان ئاشکرا بکەن.
٤-ڕێگە بگیرێ لە پێدانی ئاماری ڕووداوەکانی خۆکوشتن و خۆسوتاندن، بەو میدیاو میدیاکارانەی کە (بازاڕسازی) بە مانشێت و گێڕانەوەی وردەکاری چیرۆکی ڕووداوەکانی خۆکوشتنەوە دەکەن.
٥- پرسی ڕوبەڕووبونەوەی (هەوڵدان بۆ خۆکوشتن) بەشێوەیەکی گشتی، پێویستی بەوە هەیە بکرێتە پرۆژەیەکی نیشتیمانی و وەک پرسی ساڵ بەرنامەڕێژی بۆبکرێ، تا تەواوی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووبەڕووبەنەوەیدا بکەن.

- سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :

١- دزەیی، ڤیان ، (٢٠٠٨)، خۆسوتاندن تێروانین و چارەسەر، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
٢- رسول، شوكريه ، (٢٠١٧)، خۆسوتاندنی ئافرەت بەئاگر، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
٣-محمد، ئاوات ،(٢٠٠٢)، سوتان هۆکارو دەرەنجامە مەترسیدارەکانی، سلێمانی، رێکخراوی ئاسوودە.
٤- قەرەداغی، مهاباد ،(٢٠١٨)، ئافرەتیزم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
٥-میران، رەشاد ،(٢٠٢١)، ئافرەت لەکولتووری کوردیدا، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٦- راپۆرتی ئامار، (٢٠١٠-٢٠٢٣)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، وەزارەتی ناوخۆ.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

٨-شارفي، ظريفة ، (٢٠١٨)، المفاهيم البلاغية في ضوء النظرية الوضع والاسعمال، الجزائر.
٩-عنتر، عبدالحميد ، (٢٠١٧)، علم الوضع، الكويت، مركز الراسخون للتأصيل الشرعي.
١٠- حفيظة عجال و عليمة ربوش، العنف اللفظي في المدرسة الجزائرية من الواقع الى المأمول.

**Abstract :**

This study is an attempt to show and reveal the hidden and less obvious aspects of one of the family and social events, namely the events of (**self burning women**) in the Kurdistan Region, while the number of victims is increasing annually, who throw themselves from a high place, suicide with weapons, and bloody destruction. , is more common.

The main goal of this study is to identify the motives, causes, and effects that lead them to light fire in their bodies with their hands.

In this study, seven women were interviewed in both Erbil and Dohuk governorates. Five of the victims burned themselves, and two of the victims burned themselves in the same way as the victims who burned themselves, and they did not give any intentional reasons.

At the end of the research, the field results were presented, which are the results of the hidden aspects captured from the interviews, and the general results of the research and statistics, which shed light on several laws and official decisions, and how to deal with suicide incidents.

**Keywords: (the situation, self burning, women).**

sjh@univsul.edu.iq

**ملخص**:

هذه الدراسة هي محاولة لإظهار وكشف الجوانب الخفية والأقل وضوحا لأحد الأحداث الاسرية والاجتماعية، ألا وهي أحداث (حرق النساء لأنفسهن) في إقليم كوردستان، في حين تتزايد أعداد الضحايا سنويا، الذين يقبلون على الانتحار برمي أنفسهم من الاماكن المرتفعة، الانتحار بالسلاح، جرح احسادهن بقطع الدمار دموي)، هو أكثر شيوعا.

والهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو التعرف على الدوافع والأسباب والآثار التي تدفعهم إلى إشعال النار في أجسادهم بأيديهم.

في هذه الدراسة تمت مقابلة سبع نساء من محافظتي أربيل ودهوك، خمس من الضحايا أحرقن أنفسهن، واثنتان من الضحايا أحرقتا أنفسهما بنفس الطريقة التي أحرق بها الضحايا الذين أحرقوا أنفسهم، ولم يعطوا أي أسباب متعمدة.

وفي نهاية البحث تم عرض النتائج الميدانية وهي نتائج الجوانب الخفية المستمدة من المقابلات، والنتائج العامة للبحث والاحصائيات، والتي تسلط الضوء على عدة قوانين وقرارات رسمية، وكيفية التعامل مع حوادث الانتحار .

**الكلمات المفتاحية: (الوضع، حرق النفس، المرأة).**